ئالین:

# هونەر رۆڵێکی سەرەکیی هەیەلە پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتوەوە



**خانمە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان ئالین ڕایگەیاند کە خەباتی هونەرمەندانی کورد هەمیشە بەشێک بووە لە خەباتی میللەتی کورد دژی داگیرکەران و ئەوانەی بە درێژایی مێژووی خوێناوی میللەتەکەمان هەوڵیان داوە بە هەموو شێوەیەک کەلتوور و زمانی کورد بسڕنەوە و لەو ڕێگایەوەش هەوڵ نەمانی کورد بدەن، بەڵام ڕۆڵەکانی کورد ڕووبەڕوویان بوونەوە و توانییان ئەم کەلتوور و زمانە بپارێزن و لەم ڕووەوەش ڕۆڵی هونەرمەندان دیار و بەرچاوە.**

هەر لەم بارەیەوە و لە لێدوانێکی تایبەت بۆگوڵان ئالین ڕایگەیاند: خۆشەویستی هونەرمەند بۆ هونەر و وڵاتەکەی گەورەترین هاندەری بەردەوام بوونیەتی لە هونەر و کارکردنی بەردەوام بۆ پێشکەش کردنی کاری جوان بە جەماوەرەکەی و خزمەتگەیاندن بە کوردستان لە ڕێگای هونەرەوە بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژووییەی ئێستا میللەت کورد پێیدا تێپەڕ دەبێت و ئەو پیلانە هەمە لایەنانەی کە دژی گەیشتن بە ئاواتەکان لەلایەن دوژمنانەوە دەدرێن، دیارە هونەر و هونەرمەندانی کورد ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە دەوڵەمەند کردنی کەلتووری کوردستان و پاراستنی ناسنامە و زمانی میللەتی کورد، چونکە دوژمنان بەر لەوەی خاکمان داگیر بکەن هەوڵیانداوە زمان و کەلتوورەکەی لە ناو ببەن و بیشێوێنن، بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی نەوەی ئێستای هونەرمەندان کە درێژەپێدەری خەباتی هونەرمەندانی پێش خۆمان بین و ڕێگا نەدەین دوژمنان بە مەرامی خۆیان بگەن.

سەبارەت بە کارە نوێیەکان ئالین دەڵێ: خۆشەویستیم بۆ هونەرەکەم وام لێدەکات هەوڵ بدەم بەردەوام کاری نوێ و جوان پێشکەش بکەم، بۆیە هیچ کات نەوەستاوم لە گەڕان بە دوای کاری نوێ و باش، بۆیە بەر لە ماوەیەك گۆرانییەکەم بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و کورد پێشکەش بە پێشمەرگە کرد هەروەها وەك وەفایەك بوو بۆ گەل و حکومەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بەو هاوکارییەی پێشکەش بە کوردی دەکەن لە جەنگیان دژی تیرۆر و لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ کلیپمان بۆی کرد، لە لایەکی دیکەوە دوو گۆرانی نوێم تۆمار کردووی یەکیان بە زمانی ئینگلیزی ئەوی دیکەشیان بە زمانی سریانی و گشت کارەکانی تەواو بووە و پەنا بە خوا بەم نزیکانە بە کلیپ پێشکەشی جەماوەری دەکەم، هەروەها ئەلبوومێکی نوێم ئامادەیە بۆ تۆمار کردن، ئەم ئەلبوومە لە دە گۆرانی پێکدێت بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، ڕووسی ئامادەکارییەکان ئەم ئەلبوومە تەواو و هەر کاتێك دەرفەتم هەبوو دەست بە تۆمار کردنی دەکەم پێشکەش جەماوەری دەکەم.

**دوژمنان بەر لەوەی خاکمان داگیر بکەن هەوڵیانداوە زمان و کەلتوورەکەی لە ناو ببەن و بیشێوێنن، بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی نەوەی ئێستای هونەرمەندان کە درێژەپێدەری خەباتی هونەرمەندانی پێش خۆمان بین و ڕێگا نەدەین دوژمنان بە مەرامی خۆیان بگەن.**

لە کۆتاییدا سەبارەت بە دوو گۆرانی دیکەی عەرەبی کە پێشکەشی کراون بۆ ئەوەی بیلێت ئالین وتی: چەند ئافرەتێکی ئیماراتی هاوڕێم کە هاوسۆزی میللەتی کوردن و حەز بە هونەری کوردی دەکەن، دوو گۆرانییان پێشکەش کردووم کە بە زمانی عەرەبی بیانڵێم یەکیان ئەڤینداریيە ئەویتریشیان لەسەر شێخ زاید و ئەو دەستکەوتانەیە کە لە وڵاتی ئێمارات لەسەر دەستی ئەو بەدیهاتوون، بەڵام من تا ئێستا ڕەزامەندیم دەرنەبڕیوە بۆ گوتنی هیچ یەکێك لەم گۆرانیانە.

شایەنی باسە گۆرانی (وڵات)ی ئالین کە تێکستی شاعیری گەورە (ئەدیب چەلکی)یە پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لە فیستیڤاڵی (الاغنیة الملتزمة) کە بەر لە شاری فاسی وڵاتی مەغریب لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی هونەری و کەلتووری ئەو وڵاتە و بە بەشداری (٦٠) گۆرانی لە چەندین وڵاتی جیاجیا و بە سەرپەرشتیی خانمە هونەرمەندی ناسراوی ئەمازیغی (سەعیدە فکری) بەڕێوەچوو.





# سلیینا بە دوای خۆشەویستییەوەیە

دوای ئەوەی ماوەیەك كچە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریكی سیلینا گۆمیز لە نەخۆشخانەیەك مایەوە بە مەبەستی چارەسەركردنی ئەو نەخۆشییە دەروونییە كە ماوەیەك بوو تووشی هاتبوو، نەخۆشخانەی جێهێشت و بە نیازە دەست بەكارەكانی خۆی بكاتەوە.
سەرچاوەیەكی نزیك لە سیلینا رایگەیاند دوای ئەوەی دڵنیا بووە لە چارەسەربوونی نەخۆشییە دەروونییەكەی ئێستا سیلینا بەنیازە دووبارە دەست بە ژیانی ئاسایی خۆی بكاتەوە لە هەموو روویەكەوە، سەرچاوەكە ئەوەشی راگەیاند كە سیلینا بە دوای پێوەندییەكی نوێی خۆشەویستیدا دەگەڕێت و رەنگە تا ئێستا سەركەوتوو بێت لەو كارەیدا، چونكە بەر لە چەند رۆژێك لەگەڵ زە ویكندی ئەستێرەی ناسراوی ئەمریكا لە چەند شوێنێك و لە دیمەنی گەرمدا بینراون، ئەمەش نیشانەی بوونی پێوەندیی خۆشەویستی نێوانیانە، هەروەها چەند وێنەیەكیان بڵاوكرایەوە كە یەكتریان ماچ دەكرد، ئەمەش تا رادەیەك سوپرایز بوو بۆ جەماوەر و خۆشەویستانی سیلینا.
شایەنی باسە تا چەند مانگێك بەر لە ئێستا زە ویكند پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ كچە نمایشكاری ناسراوی فەلەستینی بیلا حەدید هەبوو، بەڵام بەهۆی سەرقاڵییان بەكارەكانیانەوە ناچاربوون جیاببنەوە.

## حەلیمە بوڵەند:
## زمانی پاراو مەرجی سەركەوتنی بێژەرە



حەلیمە بوڵەندی كچە راگەیاندنكار و بێژەری كەناڵی رۆتانا یەكێكە لە بەناوبانگترین كچە راگەیاندنكارە عەرەبییەكان، بینەر ناچاردەكات سەیری بەرنامەكەی بكات، زەردەخەنە لەسەر لێوی بەردەوامە و بە جوانییە سەرنجڕاكێشەكەی جوانییەكی دیكە بە بەرنامە و شاشە دەبەخشێت، چەندین كاری خێرخوازیشی پێشكەش بە منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە و كەم ئەندامان كردووە.
سەبارەت بە تایبەتمەندییەكانی كچە راگەیاندنكاری سەركەوتوو حەلیمە دەڵێ: راگەیاندنكاری سەركەوتوو پێویستە خاوەن زانست و رۆشنبیرییەكی زۆر بێت و خێرا و خاوەن زمانێكی پاراو بێت كە بتوانێت كار لە بینەر بكات و بزانێت چۆن خۆی لەگەڵ بینەر و بارودۆخە جیاجیاكاندا بگونجێنێت، بێ ئەوەی شپرزە بێت، جگە لەمانە پێویستە خاوەن كاریزمایەكی كاریگەر بێت.
لەبارەی جیاوازی نێوان بێژەر و راگەیاندنكاریش دەڵێ: بێژەر ئەو كەسەیە كە بەرنامەیەك پێشكەش دەكات بە پشت بەستن بە ئامادەكار و دەرهێنەر بێ ئەوەی بتوانێت رایەكی دەربڕێت، یان دەست بخاتە نێو چوارچێوەی بەرنامەكەوە، كەچی بێژەر ئەو تەنیا ئەوەی پێی دەسپێردرێت، پێشكەشی دەكات، بەڵام ئەوەش نابێتە مایەی ئەوەی كە گرنگی نەدات بە لایەنی چۆنیەتی ئەداكردن و پێشكەشكردنی بە جوانترین شێوە.
حەلیمە بە پێكەنین و زەردخەنە ناسراوەو لەم بارەوە دەڵێ: من وام ئەگەر هەر شوێنێك جێبهێڵم هەست بە دووركەوتنەوەی من دەكرێت، زۆر رقم لە خەمۆكییە، هەروەها رقم لەو كەسانەیە كە دەبنە مایە بڵاوبوونەوەی خەمۆكی و حەز دەكەم لە هەر شوێنێك بم، خۆشی تێدا بڵاوبكەمەوە.



# کەژاڵ بە گۆرانییەک لە شیعری خۆی دەگەڕێتەوە

کەژاڵ ئادەمی شاعیر و گۆرانیبێژ ماوەیەکە لە کۆڕی خەباتی شیعر و هونەری گۆرانی و مۆسیقادا بەردەوامە، دوای ماوەیەك دابڕان بەم دواییە بە گۆرانییەکی نوێ بە گوێگرانی و هەوادارانی دەنگی شاد دەبێتەوە. لەم بارەیەوە کەژاڵ ئادەمی لە لێدوانێکدا رایگەیاند: خۆشەویستی هونەرمەند بۆ هونەرەکەی وای لێدەکات هەمیشە بەدوای کار و بەرهەمی نوێدا بگەڕێت، پاش دوو ساڵ بێدەنگی، هاتومەتەوە لاتان و بە بەرهەمێکی نوێوە لە دەرگای ماڵی هەوادارانی دەنگی خۆم دەدەم و بەسەریان دەکەمەوە و ئامێزم ئاوێتەی ئەشق و لێوم سکاڵاکانی ئەویناری ئەدرکێنێت. هەست دەکەم دڵم کوانوی هەزاران گفتوگۆی نەدرکاوەو هاتوم دڵەکانمان بلاوێنمەوە.

سەبارەت بە بەرهەمی نوێ کەژاڵ رایگەیاند: گۆرانی (بێوەفا) دوایین بەرهەمی منە کە لە هۆنراوەی خۆم و ئاوازی مامۆستا عەلی شەکووری-یە، کە لە لایەن ئەنستیتۆی مۆسیقای سەباوە بەرهەم هاتووە، هیوادارم جێگای رەزامەندی جەماوەر بێت و توانیبێتم خزمەتێك پێشکەش بە هونەر و ئەدەبی کوردی بکەم.



یەکێکە لە نمایشکارە سەرکەوتووەکانی وڵاتی لوبنان کە لە تەمەنێکی زوودا توانی شوێنی خۆی لە نێو نمایشکارەکان بکاتەوە و جگە لە کاری نمایشکاری لە چەندین کلیپی هونەرمەندە ناسراوەکانیش بەشداری کردووە، هەروەها توانی نازناوی شاجوانی کچە نمایشکارەکان بە دەست بهێنێت، بەم دواییە چەندین جار سەردانی کوردستانی کرد لە میانەی چەند چالاکییەکی تایبەت بە جوانی و مۆدە کە لەلایەن دەزگای سەوسەن ئەلسەید لە هەولێر و سلێمانی ساز کرابوو، ئێمە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

## کریستین حوری:

# ئافرەتی کورد هەنگاوی زۆری بەرەو پێشەوە ناوە

*** هاتنت بۆ نێو بواری جوانی چۆن بوو؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٩ هاتمە نێو ئەو بوارەوە ئەو کات تەمەنم ٢٠ساڵان بوو، خولێك کرایەوە سەبارەت بە چۆنیەتی وێنەگرتن بۆ گۆڤار و رۆژنامە، کە ئەو هەواڵەم بیست چوومە لای دایکم و پێمگوت: دایە کارێکم دۆزییەوە، دایکم بەمە رازی بوو منیش سەیرم پێهات، چونکە چاوەڕێم نەدەکرد لەسەر ئەم هەنگاوەم رازی بێت، بەڵام پێی گوتم بزانم چی دەکەی و تا چەند دەتوانی سەرکەوتوو بی لەو کارەدا، لەو کاتەوە دەستم پێکرد و بۆ چەند رۆژنامە و گۆڤار و دیزاینەری ناسراوی لوبنانی و جیهانیی جلوبەرگ وێنەم گرت.

*** سەوسەن ئەلسەید هیچ رۆڵێکی هەبوو لە دەرکەوتنت؟**

- دواتر دکتۆرە سەوسەنم ناسی، بێگومان خۆی و دەزگاکەی رۆڵ و کاریگەرییەکی ئەرێنییان لەسەر من و کارەکەم هەبوو و منیان لە قۆناغێکی سەرەتاییەوە گەیاندە قۆناغێکی پێشکەوتوو و شارەزاییەکی زۆرم لەو رێگایەوە پەیدا کرد، هەر ئەویش بوو کە وای کرد نازناوی شاجوانی نمایشکارانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٦ بەدەست بهێنم کە بە بەشداری نمایشکارانی ٤٢ وڵات لە ئەڵمانیا ئەنجامدرا.

*** ئەم نازناوە چ گۆڕانکارییەکی لە ژیانی تۆدا درووستکرد؟**

- پێشتر من تەنیا لەسەر ئاستی لوبنان کارم دەکرد و تەنیا دیزاینەر و جەماوەری لوبنان منیان دەناسی، بەڵام کە ئەم نازناوەم بەدەستهێنا بێگومان وایکرد کە لەسەر ئاستی جیهانیش بناسرێم بەتایبەتی لە ئەوروپا، بۆیە لێرەوە بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی دەزگای سەوسەن بکەم بۆ ئەو هاوکارییەی کە پێشکەشی منیان کرد.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە روو لە بواری نواندن بکەی؟**

- بێگومان من پێشتر بەشداریم لە چەند کارێکی نواندندا کردووە لەوانە زنجیرە درامایەکی لوبنانی، بەڵام ماوەیەکی گرنگی زیاتر بە بواری نمایشکاری دەدەم و لە نواندن دوورم، چونکە ئەو رۆڵانەی کە پێشکەشم کراون تا ئێستا رۆڵی لاوەکی بوون منیش حەز دەکەم ئەو رۆڵەی کە دەیبینم رۆڵێکی سەرەکی و گرنگ بێت، دەبێت ئەو رۆڵە لە ئاستی ئەو نازناوە بێت کە من لە بواری مۆدێل بەدەستم هێناوە نەك ببێتە هۆی ئەوەی لە بەهای نازناوەکە کەم بکاتەوە.

*** دوور لە جلوبەرگ و مۆدە کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەی؟**

-حەز لە گەشت و گەڕان دەکەم بۆ ئەوەی خەڵك و کەلتوور و فەرهەنگی نوێ بناسم، هەروەها ئەگەر کاتم هەبێت لە ماڵەوە هەبێت زیاتر خۆم بە خوێندنەوە سەرقاڵ دەکەم، چونکە هەست دەکەم مرۆڤ بە خوێندنەوە هیچ کاتێك ماندوو نابێت.

*** تا ئێستا لە زۆر کلیپدا بەشداریت کردووە، سەرەتای دەرکەوتنت لە کلیپەکان چۆن بوو؟**

-لە زۆر کلیپدا بەشداریم کردووە رەنگە کە یەکەم مۆدێلی عەرەبی بم کە لە زۆرترین کلیپ بەشداریم کردووە، لەوانە لەگەڵ هونەرمەندە ناسراوەکان لەوانە کازم ئەلساهر، مەحمود ئەنوەر، مەحمود ئەلشاعری، و چەندانی دیکەش ودوایین کلیپیشم لەگەڵ هونەرمەند رزا بووە.

*** لە بوارەی جلوبەرگەوە تا ئێستا رەخنەت لێنەگیراوە؟**

- من لە کاری خۆمدا زۆر بە ئاسایی دەژیم و هیچ گۆڕانکاری و جیاوازییەك لە نێوانیاندا ناکەم، هەروەها هەوڵ نادەم سیستمی ژیانی خۆیم لەبەر قسە و رەخنەی هیچ کەسێك بگۆڕم من چۆنم هەروا دەبم و ئێستا لە ئاستێکی جیهانیدا کار دەکەم و ناکرێ خۆم بە هەندێك شتەوە ببەستمەوە کە کار لە کار و ناوبانگم بکەن، هەروەها گرنگی بەو شتانە نادەم، بەلای منەوە گرنگترین شت ئەوەیە لە ژیانی خۆم ئاسودە بم و ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەم ئەگەر من و خانەوادەکەم بە هەڵەی نەزانن و لێی رازی بن هیچ شتێکی دیکە بۆ من گرنگ نییە.

*** چەند جارێك سەردانی کوردستانت کردووە ئەو وڵاتەت چۆن بینی؟**

- هەر کە یەکەم جار هاتمە کوردستان ئەو وڵاتە و سروشتە دڵڕفێنەکەیم خۆشویست، ئەوەی زیاتر خۆشەویستی ئەو وڵاتەی لای من بەهێزتر کرد خەڵکەکەی بوو کە بە جوانترین شێوە پێشوازییان لێکردین و مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە کرد بە راستی بێ وێنە بوو و تا لە ژیان مابین لە یادی ناکەی ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خەڵکەکەی مرۆڤدۆستە و وایکرد کە بە وڵاتی خۆمی بزانم وهانمان دەدات کە شتی جوانتر و نوێتر پێشکەش بکەین کە شایەنی ئەم میللەتە مەزن و خۆراگرە بێت.

*** وەك شارەزایەکی بواری جوانکاری ئامۆژگاریت بۆ ئافرەتانی کورد چییە؟**

- ئامۆژگاری سەرەکیم ئەوەیە کە پێویستە ئافرەتانی کورد تەنیا گرنگی بە لایەنی دەرەوە و روخساریان نەدەن، بەڵکو جوانی نێو ناخی مرۆڤ پێویستە گرنگی پێ بدەن، چونکە ئافرەتی کورد میهرەبانە ودەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکات، ئافرەتی کورد قوربانییەکی زۆری داوە، سەبارەت بە بواری مۆدە و جوانکاری و هونەریش دیارە لەم رووەوە هەنگاوی زۆر باشی ناوە بەتایبەتی لە گرنگیدان بە ماڵ و خێزانی خۆی بۆیە شایەنی ستایش و رێزگرتنن.

**هەر کە یەکەم جار هاتمە کوردستان ئەو وڵاتە و سروشتە دڵڕفێنەکەیم خۆشویست، ئەوەی زیاتر خۆشەویستی ئەو وڵاتەی لای من بەهێزتر کرد خەڵکەکەی بوو کە بە جوانترین شێوە پێشوازییان لێکردین**

**پێویستە ئافرەتانی کورد تەنیا گرنگی بە لایەنی دەرەوە و روخساریان نەدەن، بەڵکو جوانی نێو ناخی مرۆڤ پێویستە گرنگی پێ بدەن، چونکە ئافرەتی کورد میهرەبانە ودەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکات**